باڵ باڵن و جیابونەوەی حیزبەکان … شوانە حسن ابوبکر

باڵ باڵن یاخود جیابونەوە حیزبەکان بەسەر چەند باڵکدا، کولتوورەکە کە بە درێژایی مێژوو خزمەتی دەزی ڕەوای گەلەکەمانی نەکردووە، بەڵکوو لە چەندین وەستگەی سیاسیدا زیانی بەرکەوتووە، لەلایەکی تریشەوە بەردەوامیی جیابوونەوە لەناو حزبەکان، پەیمان دەڕێت بنەمایەکی دروست و واقعی نەبووە بۆ دروستکردنی حیزبی نوێ، بەڵکە ئامانجە کەسییەکان لە دواوەی ئەم هەنگاوانەوە بوون.

دەسپێکی ئەم کولتوورە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیابوونەوەیەی لە ساڵی ١٩٦٤ لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕووی دا، پاساوی ئەم جیابوونەوەیش، گوایە ئەوە بوو کە ئەم حیزبە لەلایەن بنەماڵەیەکی دیارکراوەوە سەرکردایەتی دەکرێت، کەچی لە کۆتاییدا جگە لە خزمەتکردن بە ئامانجی چەند کەسایەتییەکی سیاسی، گەورەترین زیانی بە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد گەیاند، لەوکاتیشەوە تا ئێستا، چەندان جیابوونەوە لە حیزبەکاندا ڕوویان داوە، هەر بە نموونە ئێستا یەکێتیی نیشتمانی جگە لە سەرکردایەتیکردنی لەلایەن چەند بنەماڵەیەکەوە، هاوکات بە پەکردنەوەی پێستە حکومییەکانی کابینەی نۆیەم، بەرگێکی بنەماڵەیی تەواوی پێشیوە و هەر سەرکردە و خزمێکی پێشنیازکردنی کۆمپانیەتی بە پێستە حکومییەکان.

جیابوونەوە لە بزووتنەوەی ئیسلامی و دروستکردنی کۆمەڵی ئیسلامی بە هەمان بیانوو، گوایە سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە لەلایەن بنەماڵەیەکی دیاریکراوەوە بەڕێوە دەبرێ و تاکەوی لە سەرکردایەتیدا هەیە، بەڵام لە ئێستادا پەل پەل لە کادیرانی ئەم حیزبە جیا دەبنەوە، کە دواهەمینیان سەرکی لیستی کۆمەڵ لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بوو، بە بیانووی نەبوونی دادپەروەری لە حیزب و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن چەند کەسەکی نزیك لە ئەمیری کۆمەڵ، کە تا ئێستاش کادرانی ئەو حزبە، ڕەخنەکانیان جەدەهەن.

دواتر ساڵی ٢٠٠٥ باشووری کوردستان گەورەترین جیابوونەوەی بە خەیاڵ بینی، ئەمیش جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆران بوو لە یەکێتی، دروشمی دیارکانی ئەم بزووتنەوەیە، دژایەتیکردنی بەبنەماڵەییکردنی حیزب و هەناوپشەوەی گەنج بوو، بەڵام هەمان پەتا ئەم بزووتنەوەیشی گرتووەتەوە و لە ڕێگەی چەند کادیرێکی

دیاری ئەم بزووتنەوەیەوە، گلەیی بەبەرنامەییکردنی ئەم حیزبە و نەبەستنی کۆنگرە و بریاری تاکەوانە و پەراوێزخستنی گەنجان گەیشتووتە ئاستێك، چەندین سەرکردە و کادیری جیابوونەوە و چاوەڕوانکراوت لەگەڵ بەستنی کۆنگرەدا، جیابوونەوەی گەورەتر رووبدات.

پاشان هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، کە لایەن بەرهەم سالحی جێگری سکرتێری یەکێتی لە سەرتاوە موژدەی هێنانی دادپەروەری و کۆتایهێنانی حیزبی بەرماییی بە هاودیدان و لایەنگرانی دەدا، بەڵام زۆر کاتی پێویست نەبوو بۆ ئاوەژووی بزانین مەبەستی سەرکی لە پێکهێنانی ئەم حیزبە چی بووە، لە کوتاییدا دەرکەوت تەنها بۆ خزمەتکردنی حزبە کەسییەکانی کەسی یەکەمی دامەزراوە، ئەوەندە بەس بوو کە یەکێتی رازی بێت بۆ پاشاوتنی بۆ سەرکایەتیی کەماری عێراق، ئیدی هەموو هاوڕێ و هاودیدانی بەجێهێشت و لە هەمووی گرینگتر بڕیاردکردنی سەدان گەنجی ئەم وڵاتە بوو.

ئێستاش نەوەی نوێ، هەر کە سەرتای دروستبوونی ئەم جووڵانەوەیە کەسی یەکەمی وای نیشانی جەماوەر دا کە گوایە دژی بەرماییە و تێکدەرکردنی بازرگانییە بە سیاسەت، بەڵام دەرکەوت مەبەستی سەرکی لە پێکهێنانی ئەم جووڵانەوەیە، بردوودانی زیاتر بە بازرگانییەکەی و بەیاری تاکەوانە و بەبەرماییکردنی جووڵانەوەکە، کە کار گەیشتە ئاستێك هەردوو فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە عێراق و کوردستان هەوەست وەربگرن و بڕیاری دیار لە سەرکردەکانی جیا ببنەوە، بە هەمان ئاو بیانووی کە جووڵانەوەکە بەڕێنی دابوو کۆتاییان پێبێنێت.